**وەزارەتی نـاوخـۆ**

**ژمارە: ( ١٢٠٣٤ ) لە : ٢٠١٨/٨/١٤**

ئاماژە بە مادده(١٣) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە و بەرکارکراوە بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨ لە پەرلەمانی کوردستان – عێراق و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ: ڕاکێشانی کۆمەڵێك کەس یان گواستنەوەیان یان حەوانەوەیان یان پێشوازیکردنیان بەهۆی هەڕەشەکردنی بە هێز یان بەکارهێنانی هێز یان جۆرەکانی تر وەکو شێوەکانی بەزۆر یان ڕفاندن یان بەلاڕێدابردن یان فێڵکردن یان بەکارهێنانی (استغلال) دەسەڵات یان پێدان یان وەرگرتنی بڕێکی پارە یان دیاری بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسێك کە دەسەڵاتی هەیە یان سەروەسیەت (ولایە) لەسەر کەسێکی تر بەمەبەستی فرۆشتنیان یان بەکارهێنانیان (استغلال) لە کارەکانی بەدڕەوشتی یان سێکسی یان سوخرە یان کاری بەزۆر یان بەکۆیلەکردن یان سواڵکردن (دەرۆزەکردن) یان بازرگانی کردن بە ئەندامانی لەشیان یان بۆ مەبەستی خستنەژێر تاقیکردنەوەی پزیشکی.

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم : لیژنەی ناوەندی (مرکزی) :**

١- ئەم لیژنەیە پێك دەهێندرێت بەفەرمانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەناوی (لیژنەی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان) بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەئەندامیەتی نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان ( ئاسایشی گشتی + دەستەی مافی مرۆڤ + وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی + وەزارەتی داد + وەزارەتی تەندروستی + وەزارەتی پەروەردە +وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان + وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی + فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە + وەزارەتی دارایی و ئابووری+ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی + پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان + بڕیاردەری لیژنەی ناوەند) .

٢- ئەرك و ئامانجەکانی لیژنەی ناوەندی :

أ- دانانی پلان و پرۆگرامی پوخت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بنبڕکردنی .

ب- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ج- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پەیوەست بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان و بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

د- هاوكاری و هەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەكان بۆ هاوكاری كردنی قوربانیانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ و گۆڕینەوەی زانیارییەكان و تواناو شارەزایی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی هەرێم و حكومەتی عێراقی فیدراڵ و نوێنەرایەتی و نووسینگە و باڵیۆزخانەی وڵاتان لە بەغدا و كونسوڵخانەكان لە هەرێمی كوردستان و رێكخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەكان.

هـ- پێشنیاركردنی رێوشوێنە گونجاوەكان بۆ هاوكاری كردنی قوربانیانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ و وپارێزگاری كردن لە شایەدحاڵەكان و تاوانلێكراوان.

و- هەڵسان بە كەمپینەكانی وشیاركردنەوەو رۆشبیركردن بۆ ئاگاداربوون لە مەترسییەكانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ بەهاوكاری لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە ئەكادیمی و ئاینییەكان و ناوەندەكانی توێژینەوە.

ح- دەرچواندنی راپۆرتی ساڵانە پەیوەست بە حاڵەتەكانی بازرگانی كردنی بە مرۆڤ و كۆششەكانی حكومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

دووەم :

١- لیژنەی لاوەكی :

أ- لیژنەیەك لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەكی سەربەخۆ پێكدەهێندرێت بەناوی (لیژنەی لاوەكی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیكردن بە مرۆڤ) بەسەرۆكایەتی پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەكانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان (بەڕێوەبەری ئاسایش + بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی + بەڕێوەبەری پۆلیس + بەڕێوەبەری بەرەنگاربووەنەوەی توندو تیژی دژی ئافرەتان + بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف + بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە + بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ + بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی بازرگانی كردن بە مرۆڤ + بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری ولاوان + بەڕێوەبەری نشینگە + بڕیاردەری لیژنەی لاوەكی ) .

ب- پێشنیارو ڕاسپاردەكانی ئەم لیژنەیە بەرزدەكرێتەوە بۆ لیژنەی ناوەندی.

٢- ئەركەكانی لیژنەی لاوەكی:

أ- دانانی پلان و پرۆگرامی پوخت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بازرگانی كردن بە مرۆڤ و بنبڕكردنی .

ب- پێشكەشكردنی راسپاردەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بازرگانی كردن بە مرۆڤ و بەدواداچوونی جێبەجێكردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

ج- ئەنجامدانی كەمپینەكانی وشیاركردنەوەو رۆشبیركردن بۆ ئاگاداربوون لە مەترسییەكانی بازرگانیكردن بەمرۆڤ بەهاوكاری لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە ئەكادیمی و ئاینییەكان و ناوەندەكانی توێژینەوە.

د- چاودێری کردنی ئەو کرێکارە بیانیانەی کە لەرێگای ڤیزەی هەرێمی کوردستان دێنە هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن و دڵنیابوون لەوەی کە بازرگانیان پێوەناکرێت لەلایەن کەس یان سپۆنسەر یان خاوەن کار بە هاوکاری دادگای تایبەتمەند و هۆبەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

هـ- بەرزکردنەوەی پێشنیارو ڕاسپاردەو ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانە بۆ لیژنەی ناوەندی بەمەبەستی پەسەندکردن و بڕیار لەسەر دانی.

**ماددەی سێیەم :**

١- هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و دەبەسترێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان، ئەفسەرێك بەڕێوەی دەبات کە پلەکەی لە (مقدم) کەمتر نەبێت و ئەرك و کارەکانی بەپێی سیستەمی ISO 9001:2015 دەستنیشان دەکرێت.

٢-

أ- هێنانەکایەی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و دەبەسترێنەوە بە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە ئەفسەرێك بەڕێوەی دەبات کە پلەکەی لە (نەقیب) کەمتر نەبێت.

ب- پێکهاتەی پەیکەری رێکخستنی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان پێك دێت لە: (هۆبەی لێکۆڵینەوە، هۆبەی بەدواداچوون، هۆبەی جوڵانەوەو یاسایی، هۆبەی وشیارکردنەوە، هۆبەی کارگێڕی) .

ج- ئەرکەکانی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان:

١- چاودێری کردن و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بازرگانی کردن بەئەندامانی لەشی مرۆڤ لەدەرەوەی یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەکوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ بە هاوکاری دادگای تایبەتمەند.

٢- هەر کەیس و بابەتێکی تر کە بکەوێتە خانەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ کە لە ماددەی یەکەمی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٣- ئەنجامدانی گشت جۆرە چالاکییەکانی تایبەت وشیارکردنەوەی نەهێشتنی ئەم بازرگانییە .

٤- بەرزکردنەوەی راپۆرتی رۆژانە و وەرزی بۆ دیوانی وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ .

٥- هەر ئەرکێکی تر کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ پێی رادەسپێردرێت.

٦- بەدواداچوونی بارودۆخی کرێکارە بیانییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەکان و بەڕێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٧- پاراستنی قوربانیانی بازرگانی كردن بە مرۆڤ و دابینكردنی شوێنی حەوانەوەیان تا یەكلایی كردنەوەی كەیسەكانیان.

ماددەی چوارەم:

١- كۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی ناوەندی (٦٠) شەست رۆژ جارێك دەبێت لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بەئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامان و بڕیاردەری لیژنە.

٢- كۆبوونەوەی لیژنەی لاوەكی بەشێوەی مانگانە دەبێت بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامان و بڕیاردەری لیژنە لە دیوانی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان.

٣- كۆبوونەوەی نائاسایی هەردوو لیژنە لە حاڵەتی پێویست و لەناكاو لە هەركاتێك دا.

٤- كۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی ئەنجام دەدرێت بە ئامادەبوونی ٣/٢ ئەندامانی هەردوو لیژنە.

٥- دەرچوونی بریارەكان بەڕەزامەندی (٥٠+١)ی ئەندامانی ئامادەبووی كۆبوونەوەكە دەبێت و لەكاتی یەكسان بوونی ئەندامانی كۆبوونەوە بەدەنگی سەرۆكی لیژنە یەكلاكەرەوە دەبێت.

ماددەی پێنجەم :

كار بەهیچ بڕیار و فەرمان و بەیان و رێنماییەك ناكرێت ناكۆك بێت لەگەڵ یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ و ئەم رێنماییە.

ماددەی شەشەم:

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت.

**كریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**